# بازاڕی ئازادو مۆنۆپۆلو گرانی له كوردستاندا

**د.كەمال سەيد قادر**
drkamalsaidqadir@gmx.at

يەک لێشاوی وای گرانیو ناعەدالەتیو گەندەلی بازاڕەكانی كوردستانی گرتۆتەوە، كەوا مرۆڤ دەبێت بە شێوەیەكی ڕستەقینە بیر لە چارەنوسی كوردستانو هاولاتیانی كوردستان بكاتەوە. بەلێ ئەگەر ئەم بارەی بازاڕی كوردستان بەم جۆرە بەردەوام بێت ئەوا چارەنوسی كوردستانیش بەرەو ڕوی چارەنوسی ئەم وولاتانە دەچێت كەوا لە ژێر سیستەمی ئابوریو سیاسیاندا چینێكی دەسەلاتداری گەندەل لە ڕێگای زۆرەوە بەلام بە بیانوی جیا جیا دەست دەگرێت بە سەر دەسەلاتو سامانی هەمو وولاتداو زۆرینەی هەرە زۆری هاولاتیانیش بەشیان هەژاری قورسو برسێتیو دەربەدەریو بریندار كردنی كەرامەتە دەبێت. زۆرن نمونەی ئەم وولاتانە بە تایبەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست كەوا لە سەرەتای مێژووەوە تا ئێستا هێلانەی جینۆسایدو ناعەدەلەتیو بە كوێلە كردنە.

ژیانی زوربەی هەرە زۆری هاولاتیانی كوردستان بە جۆرێک زەحمەت بوە كەوا نەتوانن پێداویستیە هەرە بنەڕەتی یەكانی خۆیان دابین بكەن وەكو شوێنی نیشتەجێبونی شیاو بۆ مرۆڤو خواردنی دروستو چاودێری تەندروستی. نرخی كالاو خزمەتگوزاریەكانیش لە بازاڕەكانی كوردستان بە جۆرێک بەرز بۆتەوە كەوا لە هەندێ بواردا وەكو كرێ ی خانو بۆ نمونە لە **500%** یشی تێپەڕاندوە. ئەم ڕێژەی گرانی یە ئەوەندە بەرزە كەوا دەتوانرێ لە گەل ئاستی نرخ لە وولاتە گرانەكانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بەراورد بكرێت كەچی لە كاتێكدا داهاتی مامناوەندی كارمەندێكی كوردستان بە لایەنی كەمەوە دە جار لە داهاتی مامناوەندی كارمەندێكی ئەم وولاتانە كەمترە وە لە كاتێكیشدا كەوا بێكاری لە كوردستان خۆی لە **60%** دەدات ئەگەر بێتو ڕێژەی بێ كاری ئافرەتانیش وەرگرین لە تەمەنی كاركردندا. وە باسی ئەم خزمەتگوزاری یانەش هەر ناكەین وەكو ئاوو كارەبا كەوا لە وولاتانی پێشكەوتو وە هەتا لە هەندێ وولاتانی جیهانی سێ یەمیش بە شێوەكی بەردەوام بۆ هاولاتیان دابین دەكرێن.
ئەم جۆرە خزمەتگوزاری یانە یاخود لە هەندێ ناوچەی كوردستاندا هەر بونیان نی یە وەكو زۆربەی هەرە زۆری گوندەكان، یاخود بە شێوەكی پچڕ پچڕ دابین دەكرێن.

پاساوی دەسەلاتی كوردیش بۆ ئەم هەمو ناعەدالەتی یە لە بازاڕەكانی كوردستاندا، بازاڕی ئازادە، هەروەكو بلێ ی بازاڕی ئازاد بۆ ئەم مەبەستە داهێنرابێت تاكو ناعەدالەتیو بەرەللایو چەوسانەوە بە هەمو جۆرەكانی یەوە لە كۆمەلگادا بلاوبكاتەوەو ئیمتیازیش بدات بە چینێكی تەسكی گەندەلی چاوچنۆكی خاوەن دەسەلات لە وولاتدا.

ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پال بازاڕی ئازاد لە كوردستاندا ناتوانن نە خۆیان بەرامبەر لێكۆلینەوە ئابوریو فەلسەفی یەكان لە سەر مێژوی بازاڕی ئازادو ئامانجەكانی لە سەر چۆک ڕاگرن، نە بشیسەلمێنن كەوا لە كوردستاندا شتێک هەبێت بە ناوی بازاڕی ئازاد. ئەوەی لە كوردستاندا هەیە هەروەكو لە خوارەوە هەولدەدەین بیسەلمێنین بازاڕی ئازاد نی یە بەلكو بازاڕی زۆرە ملێو مۆنۆپۆلو چەوسانەوەو ڕاوڕوتە.

بازاڕی ئازاد هیچ کاتێک ناتوانرێت بکرێته بیانو یەک بۆ چەوساندنەوەی ئابوریو کۆمەلایەتی مرۆڤ چونکە هەر داهێنانێکو چالاکی یەک لە ژیاندا دەبێت مەبەستی سەرەکی پێشکەوتنی باری ژیانی مرۆڤ بێت. بۆیە بیرۆکەی بازاڕی ئازادیش هەر لە سەرەتای داهێنانیدا لە سەدەی هەژدەهەمەوە هەرگیز بیرۆکەیەکی یەکلایەنەی ئابوری نەبوە بە لکو بیرۆکەیەکی فەلسەفیو ئەخلاقیشە مەبەستی سەرەکی ئازادی تاکەکەسو دیاری کردنی چارەنوسی خۆی بوە لە پێناوی بە پێشبردنی ژیانی مادی کۆمەلگا وە هەرگیزیش بازاڕێکی بەرەللاو بێ یاساو مەرج نەبوە هەروەکو ئەوەی لە کوردستاندا هەیە، بەلکو پابەندە بوە بە مافە بنەڕەتی یەکانی تاکەکەسو پرنسیپی یەکسانی لە هەلومەرجدا بۆ هەمو بەشداربوان وە نەک لە خزمەتی چینێکی دەسەلاتدار ئەگەر نا کۆمەلگا دەگەڕێتەوە بۆ باری سروشتی خۆی کاتێک هێز دەبێتە خاوەن بڕیار.

گەڕانەوەیەکی سەرپێ یی بۆ سەرەتای مێژوی داهێنانی بیرۆکەی بازاڕی ئازاد لە لایەن فەیلەسوفو ئابوری ناسی ئیسکۆتلەندی **Adam Smith** (1723–1790)، وە لێکۆلینەوە لە سەر سیستەمی بازاڕی ئازدا لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئەم ڕاستی یە زیاتر دەردەخەن کەوا مەبەستی سەرەکی لە بیرۆکەی بازاڕی ئازاد ڕێزگرتن بوە لە ویستی تاکەکەسو پێشوەچونی ژیانی کۆمەلگا وە بیرۆکەکەش هەردەم پابەندبوە بە بەها ئەخلاقی یەکانی مرۆڤایەتی.

## بازاڕی ئازادو ئەخلاق

بازاڕی ئازاد بەو پێناسەیەی ئێستای کەوا: "بازاڕێکە لە چوارچێوەیدا تاکەکەسەکان کالاو خزمەتگوزاری یەکان لە نێوان خۆیاندا دەگۆڕنەوە لە سەر بناغەی کڕ برکێ کردن، بە جۆرێک کەوا بازارەکە کراوە بێت بۆ هەمو لایەنێک بە شێوەیەکی یەکسان وە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەشدا کەوا دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان لە سەر هەمو کەسێک بچەسپێن". هەر لە سەرەتای داهێنانی یەوە تا ئێستاش بازاڕی ئازاد پەیوەندی یەکی ڕاستەوخۆی بە بەها ئەخلاقی یەکانی مرۆڤایەتی یەوە هەبوە، جا کە لە زۆر حالەتدا ئەم بەهایانە پێشێل دەکرێن ئەوا زیاتر پەیوەندی بەو مرۆڤە خۆیەوە هەیە نەک بە بیرۆکەکە خۆی. ئەخلاقیش بەو پێناسەیەی کەوا:" چەمکێکە لە پرنسیپو بۆچون لە چوارچێوەی کولتورو ئاینو فەلسەفەو بیروباوەڕی زالبو لە کۆمەلگایەکدا، لە ژێر تیشکیاندا تاکە کەس هەلسو کەوتی خۆی بە ڕاست یا چەوت لە قەلەم دەدات". ڕاستە بەها ئەخلاقی یەکان لە کۆمەلگایەکەوە بۆ کۆمەلگایەکی تر بە شێوەی جیا جیا وەردەگیرێنو پەیرەو دەکرێن، بەلام بەها بنەڕەتی یەکان وەکو ڕیزگرتن لە مافی بەرامبەرو ڕاستگۆییو دەستپاکی لە هەمو کولتورێکو ئاینێک هەر یەکن وە بە بێ پەیرەوکردنیان لە لایەن زۆرینەوە هەر سیستەمێک هەرچەندە مەبەستیش لە داهێنانی زۆر پیرۆز بوبێت چارەنوسەکەی هەرەسهێنانە.

فەیلەسوفو ئابوری ناس **Adam Smith** کەوا بە باوکی بیرۆکەی بازاڕی ئازاد دادەنرێت پێش ئەوەی ئابوری ناس بوبێت فەیلەسوفی ئەخلاقی بوە وە یەکەم کتێبیشی کەوا بە ناو بانگی کردوە لە سەر ئابوری نەبوە بەلکو لە سەر بەها ئەخلاقی یەکانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بوە کاتێک لە سالی **1759** کتابە بە ناوبانگەکەی " تیۆری سۆزە ئەخلاقی یەکان" ( **Theory of Moral Sentiments** ) بلاو دەکاتەوە. لەم کتابەیدا ئەو لەو باوەڕەدا بوە کەوا مرۆڤ لە گەل چەمکێک لە بەها ئەخلاقی یەکان لە دایک دەبێت وە هەر لە سروشتەوە خاوەن ویژدانەو ڕاستو چەوتو عەدالەتیو ناعەدالەتی لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

هەڤدە سال پاش بلاوکردنەوەی ئەم کتابەی وە بەو باوەڕەی کەوا ویژدانی مرۆڤ بازاڕی ئازاد لە خلیسکان بۆ ناو گوفەکی ناعەدالەتیو چەوسانەوە دەپارێزێت، **Adam Smith** هەلسا بە بلاو کردنەوەی بە ناوبانگرتین کتابی ئابوری" سەرمایەی نەتەوەکان" (**The Wealth of Nations**). کەوا بوە سەرچاوەی بیرۆکەی بازاڕی ئازاد لە جیهاندا. هەرچەندە **Adam Smith** لەم کتابەیدا لەو باوەڕەدا بو کەوا مرۆڤ بە دوای بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆیدا وێلە، بەلام باوەڕیشی بەوە هەبو کەوا مرۆڤ دەتوانێت بە سەر ئەم غەریزەیەی خۆیدا زالبێت وە مەبەستی سەرەکی لە ژیاندا ببێتە بەختەوەرکردنی کەسانی تر.

پراکتیزە کردنی بازاڕی ئازاد بەم شێوەیەی ئێستا لە جیهاندا هەیە پشانی دەدات کەوا ئەم فەیلەسوفە لە بۆچونەکانی خۆی لە سەر بەها ئەخلاقی یەکانی مرۆڤ بە تەواوەتی ڕاستنەبوە وە هیچ سیستەمێک ناتوانێت متمانە بە هەمو کەسێک بکات بۆ پەیڕەوکردنی بەها ئەخلاقی یەکان چونکە مرۆڤ بە گوێرەی کولتوری دەورو بەریو پەروەردە کردنی خۆی ڕاستو چەوت دەبینێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە سیستەمی سەرمایەداریو بازاڕی ئازادا بە شێوەیەکی گشتی بە دی دەکرێت چاوچنۆکی تاکەکەسو ڕاکردنە بە دوای قازانجی زیاتر چونکە هەروەکو دیارکەوت بازاڕی ئازاد بریتی یە لە بازاڕێک لە چوارچێوەیدا هەر یەکە بە دوای گەورەترین قازانجدا دەگەڕێت هەتا ئەگەر لە سەر حسابی خەلقانی تریش بێت، وە نەک بەرژەوەندی گشتیو بەخشین.
وە **Adam Smith** یش ئەگەر بە تەواوەتی شارەزایی چاوچنۆکیو خۆپەرستی مرۆڤ بوایە لەوانەیە هەرگیز پڕوپاگەندەی بۆ بازاڕی ئازاد نەکردایە. هەرچەندە ڕاستیشە کەوا کێ برکێ لە بازاڕدا هانی داهێنانی نوێ دەدات، چونکە سیستەمی سەرمایەداریو بازاڕی ئازاد سیستەمی مانەوەی بەهێزترین کەسە، بەلام لایەنە نێگەتیڤەکانیشی ئەوەندە زۆرن کەوا ئەگەر بێتو جلەو نەکرێن ئەوا ژیانی مرۆڤ لە سەر زەمین دەکەنە دۆزەخێکی زۆرداریو چەوسانەوە. هەربۆیەشە هەمو وولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوی جیهان هەولدەدەن ژانی ئەم سیستەمە کەم کەنەوە، ئەمیش لە ڕێگای دەرکردنی یاسای جۆر بەجۆر بۆ دیاری کردنی کاتی کارکردنو، قەدەغەکردنی کارکردنی منالو، ڕێگرتن لە دیاردەی دروستبونی مۆنۆپۆلو...هتد.
ڕەخنەگرانی سیستەمی سەرمایەداریو بازاڕی ئازاد ئەوەندە زۆرن، بەلام ڕەخنەکانیان بە شێوەیەکی گشتی لەم چەد خالانەی خوارەوە خۆی دەگرێتەوە:

1. سیستەمی سەرمایەداری هانی سەرهەلدانی چینێکی سەردار Elite دەدات وە کۆمەلگا دابەشدەکات لە نێوان چینی سەروو خوارو.
2. ئاگری غەریزەی چاوچنۆکیو خۆپەرستی لە ناخی مرۆڤدا خۆشدەکات.
3. تیغدانی تاکەکان بۆ کێ برکێ کردن دژ بە یەکتر لە سەر حسابی هەمو بەها مرۆڤایەتی یەکان بە شێوەیەک کەوا هەمویان خۆیان لە حالەتی ڕاوکەرو ڕاوکراو ببیننەوە.
4. بە نامرۆڤ کردنی کۆمەلگا کاتێک قازانج دەبێتە مەبەستی سەرەکی تاکەکەس هەتا ئەگەر لە ڕێگای بە کوێلە کردنو لەشفرۆشیش بێت.

ڕەخنەگرانی توندڕەوی سیستەمی سەرمایەداریش دوورتر لەمە دەڕۆن هەروەکو مارکسیەکان کەوا سەرمایە هەر بە دزی لە قەلەم دەدەن یاخود سیستەمەکە هەر بە سیستەمێکی فاشی ناودەبەن چونکە بە ڕای ئەوان لە سەر بناغەی زۆرە ملێیی دامەزراوە.

سیستەمی سەرمایەداریو بازاڕی ئازاد واقیعێکە لە قۆناغی ژیانی کۆمەلگا بەلام قوناغێکی مرۆڤانە نی یە، وە ئەوەی ئێستا دەتوانرێت دژی بکرێت بە زۆری هەولدانە بۆ کەمکردنەوەی لایەنە نێگەتڤەکانی.

یەکێک لە دیاردە هەرە نێگەتیڤەکانی بازاڕی ئازاد سەرهەلدانی مۆنۆپۆلە لەم بازاڕەدا کەوا بازاڕی کوردستانیش بە دستی یەوە دەنالێنێت.

## بازاڕی ئازادو دیاردەی مۆنۆپۆل

بازاڕی مۆنۆپۆلی بەو پێناسەیەی کەوا: " بازاڕێکە لە چوارچێوەیدا یەک بەرهەمهێنەر یاخود فرۆشیاری کالایەک یا خزمەتگوزاری یەک خۆی بە سەر بازاڕدا زالدەکات بۆ بنبڕکردنی هەمو جۆرە کێ برکێ یەکی تر وە بە مەبەستی بە دەستهێنانی گەورەترین قازانج".

مۆنۆپۆلیش جۆری جیا جیای هەیە وە یەکێک لە جۆرە هەرە دیارەکانی کەوا لە کوردستانیش بونی هەیە دیاردەی مۆنۆپۆلی زۆرە ملێ یە (Coercive Monopoly ). ئەم جۆرەیان کاتێک سەرهەلدەدات کە کۆمپانیایەک بە پشتیوانی دەسەلاتی سیاسی بە تەنها کۆنترۆلی بەرهەمهێنانی کالایەک یاخود دابینکردنی خزمەتگوزاری یەک دەکات لە بازاڕدا بە مەبەستی بە دەستهێنانی گەورەترین قازانج.

نمونەی مۆنۆپۆلی زۆرە ملێیی لە کوردستاندا کۆمپانیای کۆرەک تێلێکۆمە کەوا بە بڕیارێکی ئیدارەی هەولێری پێشو بە تەنها کۆنترۆلی بازاڕی مۆبایلی دەکرد لە ناوچەکانی ژێر دەستی ئەم ئیدارەیە. لەوەش دەچێت لە ئیدارەی سلێمانی پێشوش ئاسیا سێل بە هەمان شێوە ئیمتیازاتی مۆنۆپۆلی هەبوبێت چونکە کۆرەک تیلیکۆمیش بۆی نەبو لە ناوچەکانی ژێر ئیدارەی سلێمانی کار بکات.

جاری واش هەیە دیاردەی مۆنۆپۆل شێوەی کارتێل وەردەگرێت ئەمیش کاتێک چەند کۆمپانیا یەک کەوا هەمان کالا بەرهەم دێنن یاخود هەمان خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن لە نێوان خۆیاندا ڕێکدەکەون بۆ کۆنترۆل کردنی بازاڕ بە مەبەستی دیاری کردنی ئەو نرخەی کەوا گەورەترین قازانجیان بۆ دابین بکات لە ژێر سێبەری بنبڕکردنی هەر کێ برکێ یەکی تر.

لە کوردستاندا وا چاوەڕوان دەکرێت پاش یەکگرتنەوەی هەردو ئیدارە کارتێلێک لە نێوان کۆرەک تێلێکۆمو ئاسیا سیل بۆ کۆنترۆلکردنی بازاڕی پەیوەندی یەکانی مۆبایل لە کوردستاندا.

لە هەر بازاڕێکیشدا دیاردەی مۆنۆپۆلی سەری هەلدا ئەوا ئەم بازاڕە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت بە بازاڕێکی ئازاد لە قەلەم بدرێت، وە بۆیەشە پڕۆپاگەندەی بونی بازاڕی ئازاد لە کوردستاندا هیچ بنەمایەکی نی یە.

بۆ بنبڕکردنی دیاردەی مۆنۆپۆلی لە بازاڕدا وولاتانی سەرمایەداری پێشکەوتو هەر لە زوەوە هەنگاوی یاسایی تایبەتیان ناوە بۆ ڕێگە گرتن لە سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە. لە ئەمریکا یاسای قەدەغەکردنی دیاردەی مۆنۆپۆلی لە سالی 1890 وە بونی هەیە، وە لە ئینگلتەراش یەکەم یاسای لەم جۆرە لە سالی 1623 دەرچوە. یەکێتی ئەورپاش لە سالی 1994 وە یاسایەکی سەربەخۆی قەدەغەکردنی مۆنۆپۆلی دەرکردوە. دیاردەی مۆنۆپۆلی لە هەر بازاڕێک بە دی کرا ئەوا ئەم بازاڕە ناتوانرێت چیتر بە بازاڕی ئازاد ناو ببرێت.

جگە لە یاساکانی قەدەغەکردنی دیاردەی مۆنۆپۆلی ، وەکو لە سەرەوەش ئاماژەمان پێ کرد، هەر بازاڕێکی ئازاد، دەولەت بۆ بەرژەوەندی هاولاتیان دەستی تێوەرنەدات وە لە ڕێگای یاسای گونجاوو پرۆگرامی ئابوری تر گرێی ناعەدالەتی ئەم جۆرە بازاڕە کپ نەکاتەوە، ئەوا ئەم بازاڕە لە جیاتی ئەوەی ببێتە بازاڕێک بۆ پێش بردنی ژیانی مادی کۆمەلگا، دەبێتە بازاڕێکی شێواوی فەوزاو چەوسانەوە، چونکە هیچ

سیستەمێک ناتوانێت تەنیا پشت بە ئەخلاقی تاکەکەس ببەستێت بۆ ئەوەی لەم مەبەستە لانەدات کەوا بۆی دانراوە. گریمان کەسێک یاخود گروپێک لە کەسان خاوەن دەسەلاتی زۆرن لە بازاڕدا بە هەر هۆیەک بێت، وە لە هەمان کاتیشدا ئەوەندە چاو چنۆک بنو پابەندیش نەبن بە هیچ بەهایەکی ئەخلاقی بەرامبەر بە هاولاتیانی تر، بەلکو هەر ڕیزیشیان نەبێت بۆ ژیانی مرۆڤ هەروەکو چۆن لە هەندێ وولاتانی جیهانی سێ یەم باوە، دەبێ لێرەدا چارەنوسی ئەم وولاتەو هاولاتیانی چی بێت؟ تەنها ڕێگایەک لێرەدا چاکسازی هەمو سیستەمی سیاسیو ئابوریو دانانی یاسای گونجاوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لە گەل دەستتێوەردانی دەولەت لە بازاڕدا بە بەرژەوەندی هاولاتیان.

لە کوردستانیشدا ئەگەر چاوەڕوان بکرێت بازاڕێکی ئازادا لە خزمەتی پێشوەبردنی باری ژیانی هاولاتیان بێتە کایەوە، ئەوا دەبێت وولاتانی پێشکەوتو ئاسا پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم بە هەنگاوی یاسایو ئابوری ڕاستەقینە هەلسن بۆ بنبڕکردنی دیاردەی فەوزاو بەرزبونەوەی نرخو چەوساندنەوە لە بازاڕەکانی کوردستاندا.

## بازاڕی ئازاد لە کورستاندا

پاش ئەوەی لە سەرەو پێناسەیەکی سەرپێیی بازاڕی ئازادمان کرد، ئەوا دەتوانین بە دلنیایی یەوە بلێین کەوا شتێک نی یە لە کوردستاندا بە ناوی بازاڕی ئازاد چونکە مەرجەکانی بازاڕ لە کوردستاندا لە سەر بناغەی کێ بڕکێ ی یەکسان بۆ هەمو بەشداربوان دابین نەکروان، بەلکو ئەوەی هەیە جۆرێکە لە بازاڕێکی مۆنۆپۆلی بۆ بەرژەوەندی چەند لایەنێک کەوا بێ گومان لە لایەن دەسەلاتی سیاسیشەوە هەمو ئیمتیازیاتیشیان پێ دراوە هەتا بە کارهێنانی هێزیش دژ بە هەر لایەنێکی تر هەولبدات کێ بڕکێ یان لە گەلدا بکات. بۆیەشە بازاڕی کوردستان بۆتە بازاڕی زۆرە ملێیو چەوسانەوە لە سەر پشتی زۆرینەی هەرە زۆری هاولاتیانی کوردستان.
با هەر هیچ نەبێت سەیری دیاردەی مۆنۆپۆلی بکەین لە کوردستاندا، ئەوا دەبینین چۆن چەندین بواری ئابوری مۆنۆپۆل کراوە وەکو پەیوەندی مۆبایل بۆ نمونە. بە دەستگرتنی دەسەلاتی سیاسی یاخود نزیک بون لەم دەسەلاتە لە هەمان کاتیشدا دەتوانێ ببێتە هۆکارێک بۆ خۆ دەولەمەندکردنو ئیمتیازات وەرگرتن لە سەر حسابی زۆرینەی خەلق، هەرچەندە دەبێ ئەوەش بگوترێت کەوا مەرج نی یە هەمو لێپرسراوان لە کوردستاندا گەندەل بنو خەریکی بازرگانی کردن بن، بەلکو ئەمانە بریتین لە هەندێ لێپرسراوانو ئەندامانی هەندێ خێزانی نزیک دەسەلات، بەلام لێپرسراون بەرامبەر بە ڕێژەیەکی زۆری گەندەلی لە کوردستاندا.

جگە لە دیاردەی مۆنۆپۆلیش ئەوا خەسلەتی بەرەللایی یەکێکە لە دیاردە هەرە سەرەکی یەکانی بازاڕی کوردستان. هیچ یاسایەک بونی نی یە بۆ پارێزگاری کردن لە مافی کارمەندانو کریاران، یاخود ئەگەر بونیشی هەبێت ئەوا زۆر کۆنو ناتەواوە وە هەتا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەعسیش. بۆ نمونە کرێکاری کوردستان ڕۆژانە کالای خۆی(هێزی خۆی) دەخاتە بازاڕەوە بۆ فرۆشتن وە هەرکاتێک کریار(خاوەنکار) ئەم کالایەی لێ کری واتە بە کرێ ی گرت، ئەوا ئەو کرێکارە دەکەوێتە حالەتێکی یاسایی وا کەوا لە حالەتی یاسایی کوێلەیەک خراترە. ئەگەر بێتو ئەم کرێکارە لە کارەکەیدا توشی کارەساتێک بو گیانی لە دەستدا یاخود سەقەت بو، یا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە کار کەوت، ئەوا هەر خۆی بەرپرسیارە لە بەرامبەر چارەنوسی خۆی. نە بیمەی تەندروستی هەیە خەرجی چارەسەری کردنی قەرەبو بکاتەوەو نە بیمەی کۆمەلایەتیش تاکو قەرەبوی زیانی ئەو ماوەیەی بکاتەوە کەوا لە کار کەوتوە، وە ئەگەریش لە سەر کار

گیانی لە دەستدا ئەوا کەسوکارەکەی لەوانەیە دوچاری سوالکردن ببنەوە. دیاردەی کارکردنی منالانیش کەوا بە شێوەیەکی زەق لە هەمو کوچەو کۆلانەکانی کوردستان بە دی دەکرێت یەکێکە لە نامرۆڤانە ترین دیاردە کەوا کاریگەری هەتا هەتایەی لە سەر ئەو مرۆڤانە دەبێت.

ئەوەی پەیوەندیشی بە نیشتەجێبونی شیاو هەیە بۆ مرۆڤ ، ئەوا دەبینین چۆن لە شارەکانی کوردستاندا خەلقانێکی زۆر لە بەر بەرزی کرێی خانو لە شوێنێکا نیشتەجێبونە کەوا زیاتر لە کۆریتی مریشک دەچێت نەک شوێنی حەوانەوەی مرۆڤ.

ئەو کەسەی بە هیوای ئەوەش بێت ئەخلاقی تاکە کەس لە بازاڕدا ئەم کێشانە چارەسەر بکات ئەوا بە هەلەدا چوە، چونکە ئەخلاقی هاوکاریو ڕیزگرتن لە مافی بەرامبەر لە کوردستاندا لەوانەیە لە ئاستێکی زۆر نزمدا بێت. کۆمەلگایەک کەوا بە درێژایی مێژوی خۆی لە ژێر باری کوێلایەتیو چەوساندنەوە نالاندبێت دەبێ چ هەستێکی بۆ هاوکاریو ڕیزگرتن لە مافی بەرامبەر مابێت جگە لە غەریزەی مانەوە لە ژیان هەتا ئەگەر لە سەر حسابی ئەوەی بەرامبەریشی بێت. دەبێ چاوەڕوانی چ هاوکاری یەک لە کۆمەلگایەکدا بکرێت کەوا پیشەی ڕاپۆرت نوسینو تەلە ناندنەوە بۆ یەکتر لە پێناوی چەند دینارێکی چاپ ببوبێتە لقێکی بوژاوەی ئابوری.

زالبونی گەندەلیش بە سەر هەمو بوارەکانی ژیان لە کوردستاندا ڕاستی یەکە پێوستی بە سەلماندن ناکات، بەلکو لێرەدا کێشەیەکی پێوان هەیە بۆ دیار کردنی گەندەلترین بوار.

هەرچەندە گەندەلیش لە هەمو جیهاندا بە شێوەیەکی کەم یا زۆر بە دی دەکرێت، بەلام ئەوەی کوردستان چەند خاسلەتێکی تایبەتی هەیە چونکە:

1. بە ئاشکرا ڕودەدات وە بکەرەکانیشی دیارن وە دیارە کەسش لەوانە شەرم لە گەندەلی خۆی ناکات. خێزانو گورپی سیاسی هەن پیشەی سەرەکی یان بۆتە گەندەلی بە بێ ئەوەی هەستیش بە هیچ گوناهێک بکەن یاخود بەهایەکی ئەخلاقیان بێتە بەر چاو. ئەندام بون لە هەندێ خێزانو عەشیرەتو گروپی سیاسی بۆتە پسولەی بە ملیۆنەر بونو پۆست وەرگرتن لە سەر حسابی مافی خەلقانی تر. زۆر لە کوڕو کچو برازاو خوارزاو ولاشزاواو خالو مامی ئەمو ئەو کران بە ملیۆنێرو وەزیرو فەرماندەو پەرلەمانتار، میللەتیش با لە گوپی خۆی دات. ئەمەیە زۆرداری!
2. گەندەلی لە کوردستاندا خاسلەتێکی نێو دەولەتیشی هەیە، واتە بە ئاگاداریو پشتیوانی نێودەولەتی ئەنجام دەدرێت. لێرەدا لێپرسراوەتیەکی تایبەت دەکەوێتە ئەستۆی ئەمریکی یەکان چونکە وەکو لای هەمومان ئاشکرایە بە بێ دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا نە هەرێمی دژەفڕین لە سالی 1991 دەهاتە کایەوە، نە هەرێمی فیدرالی کوردستانی ئەمڕۆش دادەمەزرا، بۆیە دەتوانین بە دلنیایی وە بلێین کەوا ئەمریکی یەکان ئاگاداری هەمو ڕوداوە گەورەو بچوکەکانی کوردستانن بە دیاردەی گەندەلیشتەوە. من هەتا تا ئەو ڕادەیەش دەڕۆم کەوا بلێم دیاردەی گەندەلی لە لایەن ئەمریکی یەکانەوە بۆ مەبەستی سیاسی پشتگیریشی لێ دەکرێت، چونکە وا دیارە ئەمریکا پرۆگرامی درێژخایەنی هەیە لە ناوچەکەدا وە بەشێکی زۆری هێشتا جێ بە جێ

نەکراوە وە بۆ ئەم مەبەستەش پێ وستیان بەیارمەتی دەسەلاتی سیاسی کوردی هەیە بۆیە ناچارن چاوپۆشی لە گەندەلی ئەو لێپرسراونە بکەن کەوا خەریکی گەندەلین. بە بێ یارمەتی نێودەولەتی گەندەلی لە کوردستانو جیهانی سێ یەم بەم ڕادەیەی هەیە دەبێتە کارێکی مەحال، چونکە پارەی دزراو لە میللەتان بە قەبارەیەکی وا زۆر دەنێردرێتە بانکەکانی ئەوروپاو ئەمریکا ئەمەش مەحالە بە بێ ئاگاداری دەزگا جیاجیاکانی ئەم وولاتانە ڕوبدات. من لێرەدا دەمەوێت تەنها نمونەیەک بێنمەوە بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا ئەمریکی یەکان ئاگاداری ووردو درشتی دیاردەی گەندەلین لە کوردستاندا. توێژەری ستراتیجی ئەمریکی **Michael Rubin** کەوا لە سەنتەری لێکۆلینەوەی **American Enterprise Institute** لە واشتنۆن کار دەکات وە سەنتەرەکەش نزیکە لە سیاسەتی کۆشکی سپی، لە بابەتێکیدا کەوا لە گۆڤاری **The Middle East Quarterly** ژمارە **Vol.XIII.NO 2** لە بەهاری **2006** بلاو کراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کەوا بنەمالەیەکی دیاری کراو لە کوردستاندا لە سالی **1991** وە تاکو ئێستا دوو ملیار دۆلاریان بە سەر یەکدا کەلەکە کردوە واتە لە ڕێگای گەندەلی پەیدا کردوە وە خەلقیشیان خستۆتە زیندان ئەگەر بەرتیلیان پێ نەدابن یاخود قایلنەبوبن بیانکەنە هاوبەش لە جموجۆلی بازرگانی یەکانی خۆیان.

ئێمە لە کوردستاندا دەمانزانی کەوا خێزانو کەسانی گەندەل هەن بەلام زۆربەی هەرە زۆرمان نەماندەزانی کەوا فلان خێزان دوو ملیارد دۆلاریان لە خەلق دزیوە وە خەلقیش لە سەر پارە زیندانی دەکەن. ئەمە بەلگەی سەلماندنی ئەو ڕاستیەیە کەوا ئەمریکی یەکان زۆر لە ئێمە زیاتر زانیاریان هەیە لە سەر دیاردەی گەندەلی لە کوردستاندا. هەر بۆیەش من ئێستا گەیشتومەتە ئەم باوەڕە کەوا هەولدان بۆ بنبرکردنی دیاردەی گەندەلی لە کوردستاندا لە لایەن هاولاتیانەوە جگە لە کوتانەوەی ئاسنی سارد هیچی تر نی یە هەتا پالپشتی نێودەولەتی بۆ ئەم دیاردەیە لە ئارادا بێت چونکە وا دیارە مەرامی سیاسی لە پشتە.

پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەر بە ڕاستی بیانەوێت بازاڕی کوردستان لە فەوزاو بەرەللایو ناعەدالەتی ڕزگار بکەن، ئەوا بە ڕای من وەکو هەنگاوی یەکەم دەبێت ئەم بە لایەنی کەمەوە ئەم بوارانەی خوارەوە لە ڕێگای چەند یاساو بڕیارێک بۆ بەرژەوەندی هاولاتیان ڕێکبخەن.

1. قەدەغەکردنی دیاردەی مۆنۆپۆلیو کارتێلی بە هەمو شێوەکانی یەوە.
2. دەرکردنی یاسایەکی کاری مۆدێرن بۆ دابین کردنی مافی هەمو کارمەندانو کرێکاران.
3. دەرکردنی یاسای بیمەی کۆمەلایەتی تاکو کارمەندێک هەتا ئەگەر بۆ ماوەی یەک ڕۆژیش کار بکات هەمو مافەکانی دابین کرابن.
4. دانانی یاسایەکی بەرهەمهێنان کەوا بە شێوەیەکی یەکسان هەلومەرجی کارکردن لە بازاڕدا بۆ هەمو بەشداربوان دابین بکات.
5. دیاری کردنی نرخی کالا زۆر بنەڕەتی یەکان.
6. حکەمەتی هەرێم لە ڕێگای دەستێوەردانی ئابوری ڕاستەوخۆ کێشەی نیشتەجێبون چارەسەر بکات.

7. ئازادی ڕۆژنامەگەری بە تەواوەتی دابین بکات تاکو ئەم دەسەلاتە بتوانێت وەکو دەسەلاتی چوارەم ڕۆلی چاودێری خۆی ببینێت.

باوەڕیش ناکەم دەسەلاتی کوردی بەم ئاسانی یە دەست لە ئیمتیازاتی خۆی هەلگرێتو یەکساونیو عەدالەتی لە بازاڕەکانی کوردستاندا بەرپا بکات چونکە چەند خێزانێکو کەسانێکی نزیک لە دەسەلات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەم فەوزایە سودمەندن. هەر بۆیەشە پێویستە لە ئاستی ناوەخۆ بە هەمو شێوەیەکی دیمکراسیانە پالەپەستۆ بخرێتە سەر دەسەلاتی کوردی بۆ نانی هەنگاوی پێ ویست وە لە سەر ئاستی نێودەولەتیش دەبێت ڕۆشنبیرانی کورد دیاردەی گەندەلی لە کوردستاندا ڕسوا بکەن وە ئەو لایەنە نێو دەولەتیانە ناچار بکەن دەست لە پالپشتی کردنی گەندەلی لە کوردستاندا هەلگرن، چونکە ئەم پالپشتی کردنە خۆی لە خۆیدا ناکۆکە لە گەل یاسای نیو دەولەتیو ئەخلاقی نێونەتەوەیی.